# کەرکووکی وێران، خانەقای کوردان!

سیروان کاروانی

ئەز ئەحمەدی دەریای جەیحون    چەندێ گەڕام بە دوونای دوون
لە گشت لاوە هەڵساوە خوون    لە سیاوەخشۆ کرام گولگوون "پیرئەحمەدی کەرکووکی - سەدەی پێنجەم"



مێژوو سەلماندوویەتی گەلی کورد هەر کاتێ زوڵـــموزۆریی بەســـەردا ســـەپێنرابێ، لـــە ناســـکترین و دژوارتـــــرین وەخــــت و سەردەمیشدا، کە مەترسیی بـۆ سـەر سـیما نەتەوایەتییەکانی بووبێ، ئەوا بووە بـە چقڵـی نـــاو چـــاوی داگیرکـــەرانی خـــاک و نیشتیمانەکەیی و بە هەموو هێـز و توانایـەوە بەرەنگاریی ڕژێمـە فەرمانڕەواییـەکانی سـەر خاکەکەیی کردووە. گەلی کورد گەلێکـە بـە درێژاییی مێژوو زۆرداران هەر چوار دەوریان تەنیوە و ئەو ڕژێمانەی کورد وەکوو دوژمن و داگیرکەر دەیناسێ، دەبینرێ کە نموونەی دوڕندەترین دەستەڵاتی جیهانی ئەمڕۆن. ئەو ڕژێمانەی کورد وەکوو زۆردار دەیناسێ، لەو دوڕندانەن کە گەلێکی گەورە و خاوەنی خـاکی بەرین و سامانی زۆر و کولتووری دەوڵەمەندی وەک کورد، بە تورکی شاخی و کێوی و موخەڕڕیب و موتەمەڕڕید و کافری ناو دەبەن، بۆیە بەبەر چاوی جیهانی چاوچنۆکی ئەمڕۆوە فەتوای کوشتن و ئەنفالی بەسەردا دەدرێ و ماڵ و منداڵ و سامان و تەنانەت بە نامرۆڤایەترین شێوە کەسایەتیشی لێ زەوت دەکرێ و بە گەلانی تری پاتاڵخۆری ڕەوا دەبینن.

گەلی کورد، کارەسات دوای کارەساتی مێژوویـی بەسـەر هـاتووە. لـە شـاری دێـرینی وەکـوو کـەرکووک-دا، کـە کوردەکان چەندین پشتە تێیدا ژیاون و خاوەنی هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانن، ڕۆژانە و بـە شـێوازی جۆراوجـۆرەوە لەوێ دەردەکرێن و هەرچی هەیانە لەسەر کۆچەرە عەرەبەکانی ئەهوازنشین تاپۆ دەکرێن. ئەو مەترسییەی ئێسـتا لەسەر کەرکووک هەیە، یەکێکە لە بەرنامە هەرە خەتەرناکەکانی ناو مەنهەجی بەعس.

کەرکووکی شاری دێرینی کوردستان، کە لای کوردەکان بـە یـەکێک لـە مەڵـبەندە هـەرە پـیرۆز و پڕبایەخـەکان دەژمێردرێ و، بەپێی نووسینی مامۆستا تۆفیق وەهبی لە هەولێری گەورەش کۆنترە١، بۆ هیچ کاتێک گەلی کـورد سازشی لەسەر نەکردووە و بە دڵی لەشی کوردستانی نیشتیمانەکەی خۆی زانیوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەوەی ئێستا لەسەر ئەم گەلە پێویستە، ئەوەیە کە لە هەر وەختێکی تر، زیاتر ناوی ئەم شارە بهێنرێ و پشتیوانی لە هەموو ئەو هەوڵانە بکرێ کە بۆ بەکوردکردنی کەرکووک دەنرێن. کورد لە هەموو سەروەختێکدا، هێزی هەبێ یـان نـەبێ،

نابێ لەگەڵ داگیرکەران سازش لەسەر کەرکووک بکات. ئەم کارە خۆی لەخۆیدا، مایەی کەمکردنی ئەرزشی کەرکووک و خەڵکە کوردنشینەکەیەتی.
لەم وەختەدا، شاری کەرکووک لە هەر وەختێکی تر، پتر تووشی وێرانی و ئاسەوار سڕینەوە هاتووە، بەعسی فەرمانڕەوا هێندەی بۆی کراوە خەڵکی ناو شار و دەڤەرەکەی قاو داوە و شوێنەوارە گرنگ و نەتەوایەتییەکانی ناوگۆڕ و هێندێکیانیشی وەکوو قەڵاکەی بەتەواوی تەخت کەدووە و لەناو بردووە. لەم وەختەدا، شاری کەرکووک لە هەر وەختێکی تر، پتر خاوەنی بۆ پەیدا بووە.
جێگای شانازی و سەروەریی گەلی کورد بە گشتی و کوردی کەرکووکنشین بە تایبەتییە، کە شاری کەرکووکی بۆ کورد پیرۆزی کوردان سەدان کەڵەپیاوی ناودار و دەستڕەنگینی لێ هەڵکەوتووە و دەکرێ ئەمەش وەک یەکێک لەو بەڵگانە بەکاربهێنرێ کە کوردبوونی کەرکووک دەسەلمێنن.
نابێ لەبیر بکرێ، کە لە جیهانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا، کورد ئەو گەلەیە کە بەدوای بێ سەروشوێن کردنی ٨٠٠٠ مرۆڤی بەرزانی، کارەساتی هەڵەبجە و دواییش بەشێکی لە ژمارە نەهاتووی بە ناوی ئەنفالەوە لێ قڕ کرا و بێ سەروشوێن کران و هەرچی پێداویستی و بژێویی ژیانیان هەبوو، سووتمان کران و بوونە خۆراکی شڕەخۆران، بە مەرجێک کە ئێستاش هیچ کەس و لایەنێک تەواوی ئەو ژمارە گەورەیەی ئەنفال نازانێ، هەر وەک باس لە ٢٨٠٠٠٠ مرۆڤی کورد دەکرێ و تەنانەت لە دەمێ کۆنە بەعسی و ئەفسەرە کوردکوژەکانەوە باسی ٣٥٠٠٠٠ مرۆڤی کورد دەکرێ کە لە کارەساتی ئەنفال-دا تیاچوون و ئەو مرۆڤانە نزیکترین کەس لە خانەوادەی هەر یەکێک لە ئێمەی کورد پێک دەهێنن. هەر وەک چۆن شالاوی گەورەی ئەنفال زیاتر گەرمیانی کەرکووکی گرتەوە، هەر واش بەشی هەرە گەورەی ئەنفالبووەکان هەر دانیشتووی ئەو دەڤەرە بوون.
داخێکی گەورەیە کە ئێمەی کورد لە سەردەمی پێشکەوتووی ئەمڕۆ و جیهانی ئامریکای دژ بە بەعسی عێراق و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن کە کورد لایەنی هەرە گرنگ و بەهێزی ئەو بەرەیەیە، نەمان توانیوە بە بچووکترین شێوە چارەنووسی ئەو مرۆڤانە دیاری بکەین و داوای هەر نەبێ تەرمەکانیان بکەینەوە.
ڕاستە هیتلەر تەنها کەسێک بوو لە سەرجەم کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان گوم بوو و کەس شوێنەواری نازانێ، بەڵام ئایا ٣٠٠٠٠٠ تا ٤٠٠٠٠٠ مرۆڤی کورد کارێکی هێندە سانایە گۆڕغەریب بکرێن و شوێنەواریان بزر بێت؟ کورد بە ئەندازەی هێندێک لە گەلانی سەر ئەم زەمینە تەنها لێی ئەنفال کراوە و، کەچی پاشماوەکەشی هێشتا لەبریی ناوبردنی وەکوو گەلێکی خاوەن ماف و ژیان، دەیان ناو و ناتۆرەی بۆ دەنرێتەوە.
سەبارەت بە ژارانی هەڵەبجە، تا ئێستا ڕاپۆرتێکی زۆر لەسەر ئەو وڵات و فابریکانە دراون کە بە ژاری جۆراوجۆری مرۆڤکوژ کۆمەکی ڕژێمەکەی عێراقیان کردووە، کەچی ئەوەی ئێستا لەسەر بەرژەوەندیی و پاراستنی خەڵکانی خۆیان دەیکەن، جارێکیش لەسەر کوشتن و لەناوبردنی ئەو گەلە ناڕەزاییەکیان دەرنەبڕی و لەسەر دەرکردنی خانەوادە کوردەکانی کەرکووک هەڵوێستێک نانوێنن. قوبرس لایەکی ئەورووپایە و لە زمان و کولتوورەوە دەگەنەوە سەر یۆنانییەکان. کە لە ساڵی ١٩٧٤-ەوە لە لایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە بەشی باکووری دوڕگەکەی دەستی بەسەردا گیرا و دوولەت کرا و بەناو وڵاتێکی تێدا دامەزرا، هەر ئەم تورکیایەی ئێستا بوو کە لایەنگری

بەهێزی ئامریکایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش جگە لە تورکیا خۆی، نە ئامریکا و وڵاتێکی تریش ئەو وڵاتەیان بە فەرمی نەناسی.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ئەڵمانی (Tageszeitung)، عێراق لەو ڕاپۆرتەی دەربارەی چەکەکۆکوژەکانی داویە بە نەتەوە یەکگرتووەکان، نووسیویە کە فابریکی (ABB)ی سویدی – سویسری یەکێک لەو فابریکانەیە کە بۆ بەرنامەی چەکەکۆکوژییەکان کۆمەکی عێراقی کردووە٢. شایانی باسە، بەپێی ڕۆژنامەی (Dagens nyheter)ی سوێدی، فابریکی (ABB) هەر لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتەوە، لە هەوڵی ئەوەدایە دەستنیشانی ئەو بەرنامانە بکات کە لەگەڵ عێراق بوویەتی، بەڵام هەر وەک ئاشکرایە، ئەمە تەنها بۆ بێدەنگ کردنی بڵاوکەرەوەی ڕاپۆرتەکە و ڕای گشتییە. لێرە ئەمریکا بێدەنگە.

هەڵبەتە بەپێی ڕاپۆرتی عێراق بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، فابریکی (ABB) تەنها یەکێکە لە زیاتر لەو ١٥٠ فابریکەی کە بۆ بەرنامەی چەکی کۆکوژی کۆمەکی عێراقیان کردووە و، لەناو ئەوانەشدا ٨٠ فابریکیان ئەڵمانین.

لە هەمووان سەیرتر ئەوەیە، ئەمڕۆ هەمان فابریک واتە (ABB) لەژێر بەناو چاوەدێریی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ژێرخان بۆ پیشەسازیی نەوتی عێراق دەنێرێ.

ئەگەر هەموو شتێک ڕێچکەڕێی خۆی بگرێ و هەموو باوەڕیان بە یەکسانی و مافی ڕەوا هەبێ، ئەوا چۆن هەوڵی چەککردنی عێراق دەدرێ سەبارەت بە چەکە کۆکوژەکانی:

١- دەبێ هەر لە ئێستاوە سەرانی ئەو ڕژێمە وەک تاوانباری جەنگ بناسرێن و هەر لە ئێستاوە بە ئامادەبوونی خۆشیان نەبێ، بدرێن بە دادگا.

٢- هەر یەکێک لەو فابریکانەی بۆ پڕچەککردن و دەوڵەمەندکردنی پرۆگرامی چەکی کۆکوژی کۆمەکی عێراقیان کردووە، بەپێی چۆنیەتی و گەورەیی تاوانەکانیان قەرەبووی گیانی ئەو مرۆڤانە بکەنەوە، کە بوونەتە قوربانیی هزری پیسی ئەوان و، دیارە گەلی تەنیاباڵی کورد لە سەرووی هەموویانەوەیە.

٢٠٠٣/٠١/٢٦

<u>سەرچاوەکان:</u>

(١) لە وتارێکی مامۆستا (تۆفیق وەهبی)، کە لە گۆڤاری (الکتاب)ی کۆمەڵەی نووسەران و دانەران و وەرگێڕان، لە ژمارەی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە.

(٢) text tv ی سوێد، کەناڵی ١